# لە سبەینێوە هێرشێکی دەستپێکردنی کوتانی سوریا دەستپێدەکات

ئەمە شەممە"ساڵح مەهدی حەسناوی" وەزیری تەندروستی،دەستپێکردنی هێرشێکی کوتانی سوریا ڕاگەیاند و لەسبەینێ یەکشەممە دەستپێدەکات.

"سەیف بەدر" وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: وەزارەتی تەندروستی ئامادەکارییەکانی بۆ هێرشێکی کوتانی سوریا ڕادەگەیەنێت و داوا لە خێرا دەکات هاوکاربن لەگەڵ تیمەکانی کوتان.

وەک"بەدر" لە بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :- هێرشەکە زیاتر لە 7 ملیۆن منداڵی قەناغی سەرەتایی و باخچەی ساوایان، لە سبەینێ یەکشەممە 14ی نیسان دەگرێتەوە بە ماوەی دە ڕۆژی لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بە هەرەمی کوردستانیشەوە بەردەوام دەبێت،بە بڕشداری زیاتر لە 9 هەزار کارمەند بەشەوەی تیم،کە زیاتر لە 23 هەزار قوتابخانەی سەرەتایی دەگرێتەوە، بەیە وەزارەت داوای لە خێزانەکان دەکات هاوکاری تیمەکانی کوتان بکەن بە کوتانی منداڵان بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتییان لە تووشبوون بە سوریا.

بەدر لەبەیاننامەکەی وەزارەتی تەندروستیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرجەم ڤاکسینەکان لەلایەن وەزارەتی تەندروستی پەسەندکراون و کاریگەر و سەلامەتن و متمانەپێکراوی نیودەوەتین.